## ڕێکخراوی پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی مافی مرۆڤ وۆرکشۆپێک ساز دەکات



بە مەبەستی پەرەپێدانی کەلتووری مافی مرۆڤ لە ناو ئاستە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا لە ڕێکەوتی 2007/6/6 ڕێکخراوی پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی مافی مرۆڤ (HRCDO) بە هاوکاری کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆ کورد (ASK) هەستا بە سازدانی وۆرکشۆپێك لە سەنتەری ئالا لە شاری هەولێر لە ژێر ناونیشانی (ڕوانینێك بۆ چەمکی مافەکانی مرۆڤ) بۆ ژمارەیەك لە قوتابیانی زانکۆ کە لە لایەن ڕاهێنەری مافپەروەر بەڕێز (شوان گەردی) ەوە پێشکەش کرا کە تێیدا تیشك خرایە سەر پێناسە و مێژوو و تایبەتمەندییەکان و ڕێککەوتنامە نێو دەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ. ئەمەو وۆرکشۆپەکە بە گفتوگۆی ئامادەبووان لە سەر تەوەرە جیاجیاکان گەرموگوڕتر بوو و پێشوازی گەرمی لێکرا. شیاوی باسە ڕێکخراوی پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی مافی مرۆڤ ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆیە کە گرنگی بە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەدات لە کوردستاندا.

ئازاد وەڵەدبەگی
ب. ڕێکخراوی پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی مافی مرۆڤ
( (HRCDO

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.